# لۆژیکی سەربازیی قیبلەنمای

# کۆماری تورکیای شاش کردووە

ماوەیەکە سەرۆک کۆمار و سوپا و هێزی ئاسایش و حکوومەت تا دەگاتە پەرلەمان بەتایبەتی بەرپرسانی سیستمی داد و هەموو ئۆرگانەکانی دەوڵەتی تورکیا بەترس و کابووسی کورد و کوردستان هەڵدەسن و دادەنیشن.

هەرچەندە لەمێژە لەکۆماری تورکیا میکانیزمی لۆژیک و دیپلۆماسییەت لەبەرامبەر خەڵکی کوردستان بەگشتیی ئیفلاسی کردووە. بەڵام لەماوەی ئەم دوایەدا بەتەواوی کۆنترۆڵیان لەدەست دەرچووە و فەلەکی خۆیان هەڵە کردووە. کۆماری تورکیا بەهەموو دامودەزگاکانی خۆی تا دوا ڕادە بێ تەحەمول ماوە، ئەوکاتەی ناوی کورد یاخود سەرچاوەیەک کە ناوێکی کوردی تێدا دەبیستن، ئارامی خۆیان لەدەستدەدەن.

هەڵبەتە هۆکاری ئەو شڵەژانە سیاسییەی کۆماری تورکیا زۆرە. لەناو سنووری فەرمیدا لە زیاتر لە(٢٠) ملیۆن کورددا، ژمارەیەکی زۆریان ئاگاداری کوردایەتی خۆیانن و خاوەنداری لە ترادسیۆن و شوناسی خۆیان دەکەن و داوای مافە سیاسیی و کولتوورییەکانی خۆیان دەکەن. بەسەدان لاوی کورد لەنێو ڕیزەکانی کوردایەتین و بە بیروباوەڕی کوردایەتی پەروەردە و جۆشکراون. بەملیۆنان خەڵک لەگۆڕەپانەکانی کوردستان بەجلوبەرگی نەتەوەیی خۆیان، بەگیانێکی جەنگاوەرانە نەورۆزی خۆیان پیرۆز کرد و هەموو میدیا جیهانییەکانیش بەشێوەیەکی بەرفراوان بایەخیان بەو کەرنەڤاڵە گرنگەی کوردان دا.

لەبەر دەرگای سنووری فەرمی کۆماری تورکیا پارچەی باشووری کوردستان لەنێو سنووری فەرمی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵدا خەریکە بەرەو کەسایەتی یاسایی دەسەڵات و ئەقڵی موئەسەساتی قانوونی هەنگاو هەڵدەگرێ. لەپارچەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژئاوای کوردستان پێشکەوتنی ئەرێنی و هێڤیدار دەبینرێت. لەبواری تێکۆشانی ئازادیدا، کوردەکانی ئەوروپا هۆشیار و لەسەر پێیانن.

ئەو گۆڕانکارییانەی لەڕۆژهەڵاتی ناوین ڕوودەدەن پتر لەبەرژەوەندی کوردان ئاراستەگیربووە، هەرچەندە پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوین بەشێوەیەکی گران و ژانئامێز بێت بەڵام پتر بەرەو ئازادی کوردان مل دەنێت، بۆیە بنبەستبوون و بارودۆخی خوێناوی عێراق و گۆڕانکارییە خێراکانی ناوچەکە بەهانەکانی کۆماری تورکیا مایەپووچ دەکەن. لەبەرئەوەی لە ٧٠ ملیۆنی سەرژمێری دانیشتوانی تورکیادا ٣٠ ملیۆنی کوردە و لەڕووبەری (٧٧٩٠٠٠) کیلۆمەتر دووجادا (٢٧٥٠٠٠) کیلۆمەتر دووجا خاکی کوردستان پێکدەهێنێ. ئاو و پەترۆڵی کوردستان سەرچاوەی سەرەکیی وزەی کۆماری تورکیایە. پارچەی گەورەی کوردستان باکوورە، کە گەورەترین کۆلۆنی کۆماری تورکیایە، بەم دەوڵەمەندیی و گەورەیی و ئۆرگانیزاسیۆنە بەهێزەی سنیالی لەدەست دەرکەوتن دەداتە تورکیا.

ئەو پارچە ئازادەی باشووری کوردستانیش، کە وەکو کوردستانی فیدراڵ دامەزراوە، لەماوەیەکی پێوانەییدا تا کۆتایی ئەمساڵ سەرچاوەی پەترۆڵی کەرکووک بەشێوەی فەرمی و یاسایی دەگەڕێنێتەوە نێو سنووری کوردستانەوە. بۆیە ئەم گۆڕانکاریی و پێشکەوتنانەی کوردستان سیستمی خەوتنی تورکیایان تێکداوە.

بەرپرسانی کۆماری تورکیا باش دەزانن سەرکەوتنی یەکجارەکی خەڵکی کوردستان دوور یان نزیک لەبەر دەرگایە. لەبەرئەوە ترس و دڵەڕاوکێی زۆریان لە ڕێکخستن و بڕیاربەدەستەکانی هێزی کوردان لێ نیشتووە، لەبەرئەوە ئەمڕۆ بە بەردەوامی تورکیا لۆژیکی سەربازی بەکاردێنێت. لەلایەک لەمەیدانی چەکداریدا بەهێرشی لەشکریی دەشت و چیا و کوێستانی کوردستان بۆمباران دەکات و هێرشەکانی لەسەر جەنگاوەرانی ئازادی کورد بەچەکی زۆر گران و کیمیایی چڕتر دەکاتەوە، لەلایەکی دیکەوە لەگۆڕەپانی سیاسیدا جموجۆڵەکانی کار و خەباتی سیاسیی کوردان بەرتەسک دەکاتەوە، هەروەک بە تەواوی سیستمی دادی خۆی بۆ ڕێبەرانی بزاڤی دیموکراسی خەڵکی کوردستان ئاکتیڤ کردووە. بۆیە کۆماری تورکیا دەخوازێ بزاڤی نەتەوەیی لەباکوور و دەستکەوتەکانی کوردستانی فیدراڵ لەباشوور بخاتە نێو زاری مەترسییەوە و بیخنکێنێ.

ماوەیەکە کۆماری تورکیا مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستنیان کردۆتە سەنتێزی مشتومڕ و وتوێژەکانیان و تیری ژەهراوی تێدەگرن. سەرۆک بارزانی چی گوتووە، ئەو باسی هەقیقەتی کوردان دەکات بۆیە دەوڵەتی تورک پێی قەڵس و سەغڵەت دەبێ، چونکوو دەزانێ



د. جانپ یەڵدرم



خاتوو ئایلین ئولکەر



خاتوو ئێلیف ئۆزمان

هەڵوێستەکانی ئەم دواییەی سەرۆک بارزانی نەخشەی ڕێگای کوردستانە. سەرۆکی کوردستان باش دەزانێ چی دەڵێت، بۆیەش بزاوتی کوردی لەهەموو پارچەکانی کوردستان داکۆکی لە لێدوانەکانی دەکەن و هەمووان لەسەنگەری هەڵوێستەکانی سەرۆک دان و پۆزسیۆنی خۆیان بۆ پشتیوانی گەلی کورد لەباشوور ئاشکراکردووە.

لەبەرئەمەش بەبێ هۆ نییە هەموو کاربەدەستانی ئەنقەرە لە یەک ئاواز دەدەن و، زمانێکی زۆر تیژ بەکاردێنن لەبەرامبەر سەرۆک و خەڵکی کوردستان. لەزمانی ئەواندا ڕێکخستنی کوردایەتیی عەشیرەتی سیاسییە و سەدان دەستەواژەی بێ ئاست بۆ سیمبولەکانی کورد بەکاردێنن.

بەکورتی کۆماری تورکیا هاوسەنگی خۆی لەدەستداوە، بەلۆژیکی سیاسیی و ئەقڵانی ناجوڵێتەوە، هەروەک لەڕاسپاردەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا: "ئێوە وەکو فەرمان تێبگەن" کە لەم مانگەدا بڵاو کراوەتەوە، هاوکات لەقسەکانی سەرۆک ئەرکانی سوپا یەشاربویوکانت کە لەکۆنفراسە ڕۆژنامەوانییەکی ١٢ ی نیسان هێنایە زمان. ئەمانە هەردووکیان مانۆر و یاری دەروونی دەوڵەتی تورکیا دەردەخەن، مافی خۆیانە لەنێو ئەو ترس و کابوسەدا تێکبچن. لەبەرئەوە تورکیا بەم ئەقڵیەتە میلیتارییەی خۆیەوە قیبلەنمای لەدەستداوە و زۆری نەماوە سەری لە زنار و بەردی شین بدات، ئەو بەردە شینانەی کە لەژێر کۆنترۆڵی تێکۆشەر و وڵاتپارێزانی کورد و ڕێبەرەکەی دایە، ڕەنگە ئەو دەمە بێنەوە سەر زهن و هۆشی خۆیان.



